# "هێزی ئەمان" نمایشێکی مەیدانیو سیاسی لە چەند ناوچەیەکی بەغدا دەکاتو لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵك بەرەوڕووەبێت

"هێزی ئەمان"ی سەربە کۆنگرەی ئازادی عێراق لە رۆژانی 27و 28و 30 مانگی ئەیلولدا نمایشێکی مەیدانیو سیاسی لە چەند ناوچەیەکی بەغدادا کرد کە بریتی بوون لەم ناوچانە: (العویضة)، گەڕەکی (118)، (الکرنتینە)و (المجمع العسکری). حسن کلیدارو عبدالهادی الفتلاوی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی کۆنگرە کە هاوڕێیەتی هێزەکەیان دەکرد چاویان کەوت بە خەڵکی ئەم ناوچانەو ئامانجو سیاسەتەکانی کۆنگرەیان بۆ باسکردن. هەروەها باسی تاوانەکانی داگیرکاریی ئەمەریکاو شەڕی تائیفیان بۆ کردن. وە لە قسەکانیاندا بانگەوازی خەڵکیان کرد کە نەکەونە داوی شەڕی تائیفیەوەو ریزەکانی خۆیان لەدەوری ئاڵای کۆنگرەی ئازادی عێراقو مەنشوری کۆنگرە رێکبخەنو یەکگرتوو بکەن. وە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە "هێزی ئەمان" لەپێناوی ئەوانو پاراستنی سەلامەتیو ئاسایشی ئەواندا دروستکراوە، وە بانگەوازیان کردن کە بۆ بەرپەرچدانەوەی چەتەکانی شەڕی تائیفیو بەرقەرارکردنی ئاشتیو ئارامی لە ناوچەکانیاندا، پەیوەستبن بە "هێزی ئەمان"ەوە. هەروەها لەم نمایشەدا بڵاوکراوەی "معا نحو الحریە"ی کۆنگرە بڵاوکرایەوە.

خەڵکی ئەم ناوچانە زۆر بە رێزو بەگەرمیەوە پێشوازییان لە "هێزی ئەمان" کردو هەموو ئامادەییەکی خۆیان بۆ هەماهەنگیو هاوکاری لەگەڵ "هێزی ئەمان"دا دەربڕیو وتیان ئەوەی ئێوە باسی دەکەنو داوای دەکەن، حەزو داوای ئێمەو هەموو خەڵکە.

دوابەدوای ئەم نمایشە وەفدێکی ئەنجومەنی ناوچەی (العویضة) سەردانی بارەگای ناوەندیی کۆنگرەی ئازادی عێراقی کرد کە لەلایەن عبدالهادی الفتلاویو سعید نعمە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی کۆنگرەوە پێشوازییان لێکرا. وەفدەکە دەستخۆشییان لە پێکهێنانی "هێزی ئەمان"ی کۆنگرە کرد کە لەپێناوی پاراستنی خەڵكو دابینکردنی ئاسایشی ئەواندا دروستکراوە. وەفدەکە ئامادەیی خۆیان بۆ دابینکردنی سووتەمەنیو هەموو خزمەتگوزارییەك بۆ ناوچەکە راگەیاند.

ئەم نمایشەی "هێزی ئەمان" دوای بڵاوبونەوەی هەواڵەکەی، کاردانەوەی زۆری لەناوچەکانی تری بەغدادا هەبوو. ژمارەیەکی زۆر داوا لە ناوچە جیاجیاکانەوە بۆ کۆنگرەی ئازادی عێراق هاتووە کە داوای کردنەوەی دەورەو پەیوەستبوون بە "هێزی ئەمان"ەوە ئەکەن.

جێگەی باسە "هێزی ئەمان"ی دەرچووی خولی یەکەم لە ناوچەی محمودیە دەستی بەکارەمانی کرد لە پاراستنی ناوچەکەیان، وە 16 کەسی تر لەم ناوچەیە داوای پەیوەستبوونیان کردووە بەم هێزەوە.

هەوەرها رۆژی 2006/10/9 "هێزی ئەمان" نمایشێکی سیاسیو مەیدانی دیکەی لەناوچەی وەزیریەی شاری بەغدا ئەنجامدا. کە بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی کۆنگرەی ئازادی عێراق هاوڕێیەتی هێزەکەی دەکرد. هێزەکە سەردانی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی کرد لە رەسافەو چاوی کەوت بە یاریدەدەری بەرێوەبەرو ژمارەیەك لە کادرانی تەدریسیی پەیمانگاکە. عبدالهادی الفتلاوی باسی لە هەستیاری وەزعەکەو هەوڵی چەتەکانی شەڕی تائیفی کرد بۆ چاندنی تۆوی دوبەرەکیو رقی تائیفیو پاکسازی تائیفی. وە وتی نابێ رێگەبدەین کە ئەم چەتانە ئەمنو ئاشتی لە کۆمەڵگا تاڵ بکەن. وە وتی کۆنگرەی ئازادی عێراق "هێزی ئەمان"ی بۆ بەرگری لە ئارامیو سەلامەتیی ئێوە دروستکردووە، بە کۆنگرەو بەم هێزەوە پەیوەستبن.

جێگری بەڕێوەبەری پەیمانگاکە لە وەڵامدا وتی دەیان کەس بەهۆی نالەباریی رەوشی ئەمنیەوە داوای تاجیلکردنی ئەمساڵی خویندنیان کردووە. وە وتی ئەگەر وەزعەکە هەروا بەمجۆرەبێت مەگەر پەیمانگاکە دابخەین. وە وتی ئەم کارەی ئێوە پێی هەڵدەستن ئومێدمان دەداتێو وامان لێدەکات کە بە ورەبەرزییەوە کارەکەمان درێژەپێبدەین.